عازەب کەم نییە ، زۆر زۆرە ٠ »

بەڵام مزراح وورتەی لەدەم نەهاتە دەرێ . دڵخوازی گۆرینی هاتەوە یاد. تا پتر گوێی لە قسەی نۆپ بوو زیاتر لێی مسۆگەر بوو ئەوە هەبێو نەبێ کۆنە دڵخوازی خۆیەتی ٠

لەوکاتەدا کارەکەر هات توونی سەرشۆرکێ پاکژ بکاتەوە ٠ کە چاوی بە مزراحەکە کەوت قیژاندی : « هوڕڕا ، ئەوەتا مزراحی زێڕین ٠ »

مزراح خەنی بوو . لەو زندانە رزگاری بوو ٠ چووە دەرەوە .

بەڵام کەس باسی تۆپی نەکردو مزراحیش باسی کۆنە دڵخوازی خۆی بۆ کەس نەگێڕایەوە ٠ دڵخوازێك پێنج ساڵ لە توونی سەرشۆرکێ بکەوێو نموشێ بکێشێ ، رەونەقی نامێنێ ٠ بەڕاست ، ئەگەر لەتوونی سەرشۆرکێ تووشی یارەکەت ببیت هەرناتەوێ خۆی لێ بەخودان بکەیتو بیناسیتەوە ٠ وانییە ؟ .



Scanned with CamScanner

هەر پێنج ساڵ یەکجار گوڵی دەدا ٠ ئەوجارەش تەنیا یەك گوڵی دەدا ٠ بەڵام گوڵێکی یەکجار جوان و بۆنخۆش ٠ ئەوەندە جوان بوو هەرکەسێ چاوی پێ بکەوتایە هەموو خەم و پەژارەیەکی لە بیر دەچووەوە ٠ کوڕە بولبولێکیشی هەبوو ٠ دەنگی ئەوەندە خۆش بوو دەتگوت هەمو ئاوازی ناسکی دونیا لە دەنووکی بچووکی ئەوەوە هاتۆتە دەرێ ٠

کوڕە ، گوڵ و بولبولەکەی ، هەریەکە خستە ناو قوتوویەك و بە دیاری بۆ کچەی نارد ٠

خەبەریان دایە پاشا ، گوتیان دیاری بۆ کچەکەت هاتووە ٠ پاشا گوتی بیهێنن ٠ دیارییەکەیان بردە هۆلی گەورە ٠ کچەپاشا لەوێ لەگەل کارەکەران خەریکی گەمەر ڕابواردن بوو ٠ خووی بە یاری ( میوانانێ )وە گرتبوو ٠

کە کچە چاوی بە قوتووەکە کەوت ٠ لە خۆشییان چەپڵەیەکی توندی لێدا ٠ گوتی : « وای ناکا ئەم دیارییە پشیلۆکەیەك بێ ٠ » بەڵام کە قوتوویەکیان کردەوە پشیلە نەبوو ٠ گوڵەجوانەکە بوو ٠ کارەکەرەکان گوتیان : « ئەیەڕۆ ، چەند جوانیان دروست کردووە ٠ »

پاشا گوتی : « نەك هەر جوانە ٠ ناسکیشە ٠ »

بەڵام کە کچە لە گوڵەکە وورد بووەوە ٠



Scanned with CamScanner

هەرچەندە دیاری‌یەکە زۆر نایاب‌و بێ‌وێنە بوو. کچە دڵی پێ‌نەرم نەبوو ٠ لە دوو کوڕەپاشای نەنارد. بەڵام کوڕەپاشا نەتەی بەرنەدا ٠ دەم‌وچاوی خـۆی بە بۆیاغی ڕەش‌و قاوەیی ڕەنـگ کرد ٠ شەپقـەی لەسەرناو چوو لە دەرگەی ماڵی پاشای‌داو بە پاشای گوت :

«پاشام خۆش بێ ٠ هاتووم بەڵکو لەم کۆشکەی ئێوەدا کارێکم دەست کەوێ».

پاشا گوتی : «همم ! بڵێم چی ؟ با بزانم ٠ ئـا ، یەکێکمان دەوێ بۆمان بچێتە بەر بەرازان ٠»

کوڕەپاشا ، ڕازی بوو . بوو بـە بـەرازەوانی ماڵی پاشا ٠

لە خوارێ ، لـە تەنیشـت گـەوڕی بـەرازان ژوورێکی خراپووچکەیان دایە ٠ ڕۆژ تا ئێوارە ئیشی دەکرد . ئێوارێ ، مەنجەڵێکی بەقـوڵپی هـەبوو ، لەسەر ئاگری دادەنـا ٠ مەنجەڵـەکە دەوران‌دەوری زەنگولۆکە بـوو ٠ کـە دەکـوڵا . زەنگوڵـەکان دەزرنگانـەوە . ئاوازێـــکی زۆر خۆش‌ودێرینیـان لێ‌هەڵدەستا ٠

**هەیهوو ! ئۆگستینی ئـازیز ،**
**ئەوەی هەبوو ٠ هەمووی چوو ، چوو ، چوو ٠**

عەنتیکە لەوەدا بوو ئەگەر دەستت بدابایە بەر



Scanned with CamScanner

هەڵاتووم . لەسەرمان قەسریم • » بارانیش خوڕخوڕ دەهاتە خوارێ • ( با ) گفقەی دەهات و پەنجەرەکانی ڕادەژەنی .

پیرەشاعیرەکە چوو دەرگای کردەوە • دیتی کوڕێکی بچکۆلە لەبەردەرگا وەستاوە •

کوڕە رووت و قووت بوو . ئاوی لە پرچە درێژو زێرینەکەدا دەچۆڕایەوە • لەسەرمان هەڵدەرزی . ئەگەر نەهاتایە ژووری قنیاتی لەبەر دەبڕا •

پیرەشاعیرەکە دەستی گرت و گوتی : « گچکەل ، وەرە ژووری • خۆت گەرم بکەوە. شەراب و سێوی برژاو بخۆ تۆ کوڕێکی زۆر قشت و بچووکی ! »

ڕاستە • کوڕە کوڕێکی زۆر قشت و نازدار بوو. چاوی وەکو ئەستێرەی گەش وا بوون • پرچی زێرینی کە ئاوی لێدەچۆڕایەوە زۆر جوان گلوارەی بەستبوو • دەتگوت بێچووە فرێشتەیە . بەڵام لەسەرمان زەرد هەڵگەڕا بوو • چرك و هۆڕ دەلەرزی. کەوانێکی بەدەستەوە بوو . بەڵام کەوانەکە لەبەر بارانێ تەڕ ببوو ، ئیشی نەدەکرد • تیرەکانی خاو ببوونەوە .

پیرەشاعیرەکە لەبەر ئاگردانی دانیشت و کوڕەبچکۆلانەکەی لە تەنیشتە خۆی دانا • پرچی گوشی و ئاوی لێچۆڕاندەوە • دەستە بچووکەکانی



Scanned with CamScanner

